# فه ره نسا ی دایکی ئازادی و ماڤی مرۆڤ به ره و که مالیزم و دیکتاتۆری هه نگاو ده نێت




ئه رده لآن عه بدولّلا
Ardellen 1@ web .de

بۆ یه که م جار له مێژووی مرۆڤایه تیدا گه لێکی زیندوو چه خماخه ی شۆرشێک و ژیانێکی نوێی لێدا و هه موو جیهانی فێری شۆرش و مانای ئازادی کرد . هه موو مرۆڤایه تی له خه وراپه راندو شۆرشگێره فه ره نسیه کان پێیان ووتین :( که هه موو گه لێک ده توانێت مه لیک و ده سه لآتداره خوێناویه کان لاببات و کۆتایی به ژیانی زولّم و زۆرداری بهێنرێت . له هه مان کاتیشدا فێریان کردین که ئازادی و برایه تی و یه کسانی ته نها خه ون نییه ،به لّکه ده شتوانین ئه وخه و نه بکه ینه سیسته می ژیانمان .)
لێ جێگای داخه وا بۆ ماوه یه ک ده چێت خه ریکه فه ره نسا واز له و مێژووه پڕ شکۆداره ی بهێنێت و ده ستبه رداری ئه و دوروژمانه بێت ، که هه زاران که س گیانیان کرده قووربانی بۆی .
پاش ئه وه ی فاشسته که مالیه کان بۆ نزیکایه تی کردنی خۆیان له ئه وروپاو سه لماندنی ته سلیم بوونیان به رۆژئاواو وازهێنان له و ئیسلامه ی که به ناویه وه چه ندین سه ده گه لانی ئه وروپاو ئیسلامیان پێ ده چه وسانده وه.پاش ئه وه ی به حوکمی پۆلیس وعه سکه رپه چه یان له سه ری کچان و ژنان داکه ند ،سه رپۆشیان یاساغ کرد وهه ر که سیش سه رپۆشی به سه ره وه بوایه له زنکۆکان، وه کوو تاوانبارێک سه یری ده کرا. سه رپۆش بوو به یه کێک له و ترسه خه ته رناکانه ی که ئاسایشی نه ته وەیی ده خاته مه ترسیه وه ! .
پاریسی زیندووش پێش دوو سالّ له مه و پێش هه مان هه نگاوی ناو سه رپۆشێ له خوێندنگه و دائیره حکومیه کانی مه نع کرد . من له یه که م رۆژه وه دژی ئه م بریاره بووم ده مزانی به ره و شتی تریش ده روات و فه ره نسا ئه م بریاره ی بۆ پارێزگاریکردنی حوکمی ( سیکۆلار ، بێ دینی یان جیاکردنه وه ئایین له ده ولّه ت ) نه بوو ،به لّکه له دیدێکی ته واو شۆڤێنیانه وه ئه م بریاره یان ده رکرد . جێی داخه زۆر له چه په کان به بریارێکی باشیان له قه لّه م داو به یاسایه کی خزمه ت به ژن سه یری بریاره که ی فه ره نسیان ده کرد ، لێ به داخه وه وانه بوو.
دوێنێ جاک شیراک و حکومه ته که ی یاسای ( طوارئ ، نائاسایی) بۆ ماوه ی سێ مانگ ده رکرد.
به پێی ئه م یاسایه هه موو شاره وانیه کان بۆیان هه یه بریار و یاسای تایبه ت به خۆیان

ده ربکه ن،وهه ر رێگاوشوێنێکیان پێ باشه بیگرنه به ربۆ دامرکانه وه ی ئه و شۆرشه زیندووه ی که نه وه نوێکانی ئه فه ریکیه بێگانه کان به رپایان کردووه . به پێی ئه م یاسایه ئیتر حوکمی دادگاو دادوه ر نامێنێت و حوکمی پۆلیس و عه سکه ر زاڵ ده بێت . له هه مان کاتدا بۆیان هه یه یاسای ( منع تجوال ، قه ده غه کردنی هاتۆچۆ ) به شه ودا ده ربکه ن . ئه مه بۆ دووه م جاره له مێژووی فه ره نسا ئه م یاسایه ده ربکرێت . پێش په نجا ساڵ واته ساڵی 1955 کاتی شۆرشی جه زائیر به رپا بوو ، فه ره نسا بۆ دامرکانه وه ی ئه و شۆرشه یاسای ( نائاسایی ) ده رکرد. لێ ئه و یاسایه له به شه کۆلۆنیاکه ی فه ره نسا بوو ( جه زائیر ) و ، ئه م یاسایه ش فه ره نسیه کانی نه ده گرته وه ، به ڵکه ئه م یاسایه بۆ له ناو بردنی شۆرشێ گه لی جه زائیر دانرا . هه ر چه نده پاشان فه ره نسا تێگه یشت کێشه ی جه زائیر به م یاسایانه چاره سه ر ناکرێت ،به ڵکه به یاسای رێزگرتن له ماڤی گه لی جه زائیر و ته سلیمکردنه وه ی ووڵاته که به خه ڵکه که ی. تۆ بڵێیت ئه م جاره ش فه ره نسیه کان ده رس له مێژووی خۆیان وه ربگرن و فێربن که، پێویسته ئه فه ریکیه کان رێزیان لێ بگیرێت نه ک به پۆلیس وعه سکه ر لێیان بکوژرێت. ئه م یاسا نوێیه ی فه ره نسا ته نها له ووڵاته دیکتاتۆری و فاشیه کان هه یه .ئه م یاسایه حوکمی به عسم بیرده خاته وه ،که بۆ چه ندین ساڵ شه وان له گه ره کێکه وه بۆت نه بوو بچیت بۆ گه ره کێکی تر ، هه ر چه نده هه تاوه کوو ئه مرۆش به شێکی زۆری باکووری کوردستان ئه م یاسایه به رێوه ده چێت و ئه وروپای مرۆڤ دۆستیش! هیچ قسه ناکات . هه ر دوێنێ یه کسه ر ئه وروپا پشتگیری خۆی بۆ حکومه تی فه ره نسا ده ربڕی وبڕی50ملیۆن یۆرۆشی کرد به قورگی پۆلیس وعه سکه ری فه ره نسا . فه ره نساو ئه وروپا له جیاتی بێن له کرۆکی کێشه که بکۆڵنه وه و هه وڵی چاره سه رکردنی بده ن،که چی ده یانه وێت به پۆلیس وعه سکه رچاره سه ری کێشه که بکه ن. هه روه ک چۆن حکومه ته فاشسته کان چاره سه ری کێشه کانیان بۆ نه کرا ، به هه مان شێوه فه ره نساش بۆ ی چاره سه ر ناکرێت و ئه م رێگه یه هێنده ی ترئاگری شۆرشه که خۆش ده کات. له لایه کی تریشه وه سوومعه ی فه ره نسا وه کوو ده وڵه تێکی ئازاد و دیمۆکرات له جیهاندا له ده ستده چێت. ئه و گه نجانه ی که باو باپیرانیان ته نها کۆیله و کرێکاری فه ره نسیه کان بوون ، نایانه وێت ئه مانیش به و شێوه یه بچه وسێنرێنه وه . گه ر فه ره نسا بیه وێت کێشه که چاره سه ر بکات، ده بێت بگه رێته وه بۆ مامۆستای هه موو مرۆڤایه تی ( جان جاک رۆسۆ) گوێ بۆ فه رمووده مه زنه که ی بگرن که ده ڵێت:

( مرۆڤ شایسته ی رێزه نه ک به زه یی ) . به م یاسایه کێشه که چاره سه ر ده کرێت نه ک به یاساکانی که مالیسته فاشسته کان .